# پرەنسیپی رەخساندنی هەلی یەکسان

# بۆ وەرگرتنی پلەی وەزیفی

# (مبدأ المساواة في تولي الوظيفة العامة)

ماف و ئازادیەکانی هاولاتیان یەکێکە لە گرنگترین و سەرەکیترین بابەتەکان کە لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتیدا بایەخی پێ دەدرێت و بەردەوام تاوتوێ دەکرێت، لەو بارەیەوە یەکێك لە ڕەسەنترین پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ پرەنسیپی یەکسانییە کە چەندین مافی مرۆڤ لەژێر سێبەری ئەو پرەنسیپە کاریگەر دەبن.

پرەنسیپی یەکسانی لە نێوان هاولاتیان واتای ئەوەیە کە مرۆڤەکان یەکسانن لە ڕووی ڕیزگرتن لە مرۆڤ بوونیان و ڕەوا نییە هیچ جیاکارییەك بکرێت لە نێوانیان بە هۆی ڕەچەڵەك یان نەتەوە یان ڕەگەز یان ئایین یان بیروباوەڕ یان ڕای سیاسی.

یەکێك لە ڕووەکانی پرەنسیپی یەکسانی لە نێوان هاولاتیان بریتییە لە پرەنسیپی ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ وەرگرتنی پلەی وەزیفی.

مەبەست لە پرەنسیپی ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ وەرگرتنی پلەی وەزیفی ئەوەیە کە لە کاتی هەبوونی پلەیەکی وەزیفی لە کارگێڕی گشتیدا پێویستە گشت هاولاتیان هەلی یەکسانیان بۆ بڕەخسێندرێت لە ڕکابەریکردن بۆ وەرگرتنی ئەم پلە وەزیفییە، وە ناکرێت جیاکاری لە نێوانیان بکرێت لەسەر هەر بنەمایەك بێت و ناکرێت هاولاتیەك لە هاولاتیەکی دیکە بە باشتر دابنرێت تەنها بە پێوەری بابەتی نەبێت.

پرەنسیپی ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ وەرگرتنی پلەی وەزیفی بۆ یەکەم جار لە ماددەی شەشەمی دۆکیۆمێنتی ڕاگەیاندنی مافەکانی مرۆڤ هات کە شۆڕشگێڕانی فەڕەنسی لە ساڵی ١٧٨٩ ڕایانگەیاند، کە تیایدا هاتووە: "گشت هاولاتیان یەکسانن لە وەرگرتنی پلەی وەزیفی، وە کەس بە باشتر داناندرێت تەنها بە پێی توانست و بەهرەی خۆی نەبێــت".

وە لە مادده (٢١)ی جاڕی جیهانی مافی مرۆڤ هاتووە: "بۆ هەموو کەس هەیە بە شێوەیەکی یەکسان پێشکەشی پلەی وەزیفی بکات لە ولاتی خۆی".

لە ئێستادا لە گشت ولاتە دیموکراتیەکاندا ئەم پرەنسیپە بۆتە دەقێکی جێگیر لە نێو دەستور و یاساکانی ئەو ولاتانە و بنەمای سەرەکی کارگێڕی گشتی پێکدەهێنێت.

**یەکسانی یاسایی و یەکسانی واقیعی: (المساواة القانونیة والمساواة الفعلیة)**

یەکسانی یاسایی واتە گشت هاوڵاتیان لە بەرانبەر یاسادا وەکو یەك سەیریان دەکرێت، هەمان پاراستنی یاساییان هەیە و هەمان دەقی یاسایی لەسەریان جێبەجێ دەکرێت (لە ڕابردوودا خەڵك دەکران بە چەند چینێك و هەر چینێك یاسای خۆی لەسەر جێبەجێ دەکرا).

یەکسانی واقیعی: واتە هاوڵاتیان لە ڕووی شیاوی و بوونی مەرجی یاسایی وەکو یەك نین بۆیە لە کاتی هەڵبژاردن لە نێوانیان پێویستە ڕەچاوی ئەم توانا جیاوازانە بکرێت، واتە بە یەکسان سەیرکردنیان لە ڕووی واقیعیەوە پێویست دەکات ئەو کەسانە بە باشتر دابنرێن کە شیاوترن.